Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم پڕۆژەی "رێگەی گەشەپێدان" لە عێراق و هەرێمی کوردستان


**توێژەر:**

د. ئاکۆ حەمەکەریم


تشرینی دووەم ٢٠٢٥


Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park

www.visionfoundationiq.org

+964 772 330 0005

# بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

| جۆری بڵاوکراوە : | بابەت : | توێژەر: |
| --- | --- | --- |
| توێژینەوەی زانستی | سیاسی | د. ئاکۆ حەمەکەریم |

### بەیاننامەی دامەزراوەکە:

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە برتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیجییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەڕێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدڕاڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

### تێبینی:

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٥
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

# دەرفەت و ئاستەنگەکانی بەردەم پڕۆژەی "رێگەی گەشەپێدان"
# لە عێراق و هەرێمی کوردستان

## پوختە:

عێراق یەکێکە لە وڵاتە گرنگەکانی ناوچەکە و بە لەبەرچاوگرتنی مێژوو و پێگەی گرنگی جیۆستراتیجی دەکەوێتە دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، لەکۆنەوە عێراق ڕێڕەوی سەرەکی بازرگانی و ئەڵقەی پەیوەندی بووە بۆ زۆرێک لە نەتەوە و شارستانیەتەکان. بەڵام بەهۆی نا سەقامگیری و زۆری شەڕ و جەنگ و شۆڕشە ناوخۆییەکانەوە، عێراق وەک ڕێڕەوێکی بازرگانی نێودەوڵەتی ئەو پێگەییەی لەدەست دا.

لەدوای شکستپێهێنانی داعش و دروستبوونی سەقامگیری ڕێژەی، عێراق دەیەوێت جارێکی تر ڕۆڵی هەرێمی و ئابووری بەهێز بکات. بۆ ئەم مەبەستە لە ۲۰۲۳ دا پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدانی راگەیاند کە عێراق و کەنداو دەبەستێتەوە بە تورکیا و ئەوروپاوە، ئەگەر پڕۆژەکە جێبەجێ بکرێت بایەخی بازرگانی و جیۆپۆڵەتیکی گەورە دەدات بەعێراق و هیچی کەمتر نابێت لە گرنگی نۆکەندی سویس و پەنەما.

ئەم توێژینەوەیە شیکاری فرە ڕەهەندی بۆ پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان دەکات، وەک دەستپێشخەرییەکی ستراتیجی بە ئامانجی بەرزکردنەوەی گەشەی ئابووری و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە عێراق. هەروەها هەڵسەنگاندن بۆ سیناریۆ جیاوازەکانی بەردەم پرۆژەکە دەکات، وەک پردێک کە عێراق و تورکیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها چۆن ناوچە دوورە دەستەکان بە ناوەندەکانی شارەوە دەبەستێتەوە و بەشداری دەکات لە باشترکردنی کوالیتی ژیان بۆ دانیشتوانی ناوچەکە لەڕێگەی ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر و دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان. لە ڕێگەی راسپاردەکانەوە بەرچاوڕونی دەدات دەربارەی پڕۆژەکە یارمەتیدەر دەبێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی گەشتیاری و ڕاکێشانی وەبەرهێنانی نوێ بۆ بەرزکردنەوەی گەشەی ئابووری.

## ئامانجی توێژینەوە

ئامانج لەم توێژینەوەیە شیکردنەوە و خستنەڕووی گرنگترین دەرفەت و ئاسەنگەکانی بەردەم پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانە. دەکرێت پرۆژەکە سەربکەوێت و ئاستەنگەکانی لاببرێت ئەگەر ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز لەعێراق هەبێت و هەموان بەشداری تێدا بکەن، بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان.

## گریمانەی توێژینەوە

سەرکەوتنی پرۆژەی "ڕێگەی گەشەپێدان" بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە توانای عێراق لە چۆنێتی چارەسەرکردن و ئیدارەدانی ئاستەنگە سیاسی و ئابوری و ئەمنییە ناوخۆییەکان و دابینکردنی ژینگەیەکی سەقامگیر بۆ وەبەرهێنان، کە زاڵبوون بەسەر ئەم ئاستەنگ و تەحەددایانە دەتوانێت پرۆژەکە سەربخات و بیگۆڕێت بۆ ئامرازێکی ڕاستەقینەی گەشەپێدان.

## گرفتی توێژینەوەکە

سەرەڕای بەڵێنە ستراتیژییەکانی پرۆژەی "ڕێگای گەشەپێدان" بۆ بەهێزکردنی پێگەی جیۆپۆڵەتیکی و ئابووری عێراق، بەڵام جێبەجێکردنی پرۆژەکە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک تەحەدای سیاسی و ئەمنی و ئابووری دەبێتەوە. تا چەند ئەم تەحەددایانە دەبنە بەربەست لەبەردەم جێبەجێ کردنی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان ؟ ئایا عێراق خاوەنی ئامرازی پێویستە بۆ تێپەڕاندنی ئەم ئاستەنگانە و گەیشتن بە گەشەپێدانی بەردەوام لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیە؟

## میتۆدی توێژینەوە


بەگشتی لەم توێژینەوەیەدا پشت بەدوو میتۆدی زانستی بەستراوە، یەکەم میتۆدی شیکاری واقعی لەڕێگەی خستنەڕوو داتا و ئامار و نەخشە و ڕووداواکانی ئێستا و رابردوو شیکاری بۆ دەرفەت وئاستەنگەکانی بەردەم پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانی کراوە، پاشان پشت بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بەستراوە بۆ ڕوونکردنەوەی داهاتووی پرۆژەکە لە ڕێگەی خستنەڕووی سیناریۆ جیاوازەکان.

## تەوەری یەکەم: ڕێگەی گەشەپێدان چییە؟

ڕۆژی ٢٧ی ئایاری ٢٠٢٣، حکومەتی عێراق کۆنفرانسێکی بەناونیشانی (ڕێگای گەشەپێدانی عێراق) لە بەغدای پایتەخت دەستپێکرد، بە بەشداری نۆ وڵاتی (سعودیە، ئیمارات، قەتەر، کوێت، سەڵتەنەی عومان، سوریا، ئوردن، ئێران، تورکیا)، هەروەها نوێنەرانی بانکی نێودەوڵەتی و یەکێتی ئەوروپا.

محەممەد شیاع سوودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە وتاری کردنەوەی کۆنفرانسەکە ئاماژەی بەوەدا کە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان کە لەباشووری عێراقەوە تا تورکیا درێژدەبێتەوە، پلانێکی ورد و مەبەستدارە بۆ گۆڕینی واقیعی ئێستا بە ئاڕاستەی دروستکردنی ئابووریەکی تۆکمە، کە پێگەی عێراق لە ناوچەکە لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە بەهێزتر دەکات. ئاماژەی بەوەشکرد، ڕێگای گەشەپێدان ڕۆڵێکی سەرەکی بە وڵات دەبەخشێت لەناوچەکەداوەک خاڵێکی گرنگی پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. ڕێگەی گەشەپێدان ئومێدبەخشە بەرەو هاوبەشییەکی ئابووری لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە، بەمەش عێراق دەکاتە سەرچاوەی پیشەسازی و کاڵای سەردەمیانە[١].

ڕێگای گەشەپێدان کە بە (کەناڵی وشک)یش ناسراوە، لە دوو هێڵی وشکانی و شەمەندەفەر پێکدێت بۆ بەستنەوەی کەنداو بە تورکیاوە، کە لە فاو لە باشووری پارێزگای بەسرە درێژدەبێتەوە تا دەگاتە ناوچەی فیشخابور لە باکووری پارێزگای دهۆک، بڕوانە نەخشەی ژمارە(١).




نەخشەی (١) ڕێگەی گەشە پێدان[٢٣]

درێژی ڕێگا وشکانییەکە ۱۱۹۰ کم و لە کاتێکدا هێڵی شەمەندەفەر نزیکەی ۱۱۷۵ کم و تێچووی نزیکەی ١٧ ملیار دۆلاری مەزەندە دەکرێت، کە ٦.٥ ملیار دۆلار بۆ ڕێگای خێرا و ١٠.٥ ملیار دۆلار بۆ هێڵی ئاسنین. دروستکردنی ئەو ڕێگایە ئامانجی گواستنەوەی کاڵاکانە لە ئاسیا بۆ ئەوروپا، بەمەش ماوەی گەشتەکە بە ڕێژەی زیاتر لە ٥٠% کەمدەکاتەوە. تێچووی پرۆژەکە نزیکەی ١٧ ملیار دۆلارە، لێکۆڵینەوەی بەهای ئابووری ( دراسة الجدوى) پرۆژەکە بۆ ڕێگاوبان لەلایەن کۆمپانیای PEG ئیتاڵی ئەنجامدراوە و کۆمپانیای ئەلستۆمی فەرەنسی بەشی هێڵی شەمەندەفەرە گرتۆتە ئەستۆ[١].

و بڕیارە بەسێ قۆناغ پرۆژەکە تەواو ببێت: قۆناغی یەکەم لە ساڵی ٢٠٢٨ و قۆناغی دووەم لە ساڵی ٢٠٣٨ و قۆناغی سێیەمیش لە ساڵی ٢٠٥٠ تەواو بکرێت. ڕێگای گەشەپێدانی بە چەندین شار و شارۆچکەدا عێراقدا تێدەپەڕێت (فاو، بەسرە، ناسریە، سەماوە، دیوانیە، نەجەف، حللە، کەربەلا، بەغداد، سامەڕا، تکریت، بێجی، موسڵ، ڕەبیعە و فیشخابوور) بڕوانە نەخشەی ژمارە (٢).




ئەو شار و وێستگانەی کە ڕێگەی پێداتێدەپەڕێت[٢٤]

بەندەری فاو دەروازەی سەرەکیی ڕێگەی گەشەپێدانە و لەئێستادا زیاتر لە ٥٠% کارەکانی تەواوبوون و لەلایەن کۆمپانیای دایۆی کۆرییەوە بە تێچووی پێنج ملیار دۆلار، لە سەر کەنداوی عەرەبی و لە سنوری پارێزگای بەسرە جێبەجێ دەکرێت، دوای تەواوبوونی تەواوی پرۆژەکە دەبێتە گەورەترین پرۆژەی بەندەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. پرۆژەکە لەسەر ڕووبەری ٥٤ کیلۆمەتری چوار گۆشە بونیاتنراوە و ٩٠ خاڵی لەنگەر گرتنی هەیە، لەگەڵ بەربەستی شەپۆلی دەریا بە درێژایی ١٤،٥٢٣ کیلۆمەتر، بە تەواوبوونی سەرجەم بەربەستە کۆنکرێتییەکانی لەنگەر گرتن، ناوی دەچێتە کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان کە خاوەنی درێژترین بەربەستی شەپۆلی دەریاییە[٢].

## تەوەرەی دووەم: دەرفەتەکانی بەردەم ڕێگای گەشەپێدان

### یەکەم: دەرفەتی ئابووری

پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان دوای قۆناغێک لە ناسەقامگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراقدا هاتە ئاراوە، کە نارەزایی جەماوەری لەسەر قەیران و کەموکوڕییە سیاسی و ئابوورییەکان دروستبوون. پرۆژەکە وەک ئامرازێک بۆ دامرکاندنەوەی نارەزایی کۆمەڵایەتی سەیرکرا ، بە نیشاندانی نیازی حکومەت بۆ دەستپێکردنی پرۆژەی گەورە و هەمەچەشنکردنی سەچاوەکانی ئابووری وڵات.

وەک ئاشکرایە عێراق ئابووریەکی لاوازە هەیە و بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بەهەناردەکردنی نەوت، کە داهاتی فرۆشتنی نەوت لە ٩٥% کۆی گشتی داهاتی عێراق پێکدەهێنێت. ئەم پیوەستیەش بەنرخی نەوتەوە کاریگەری لە کورتهێنای بودجە و هەڵاوسان و گەشەی ئاستی ئابوری عێراق کردووە. لە ٢٠٢٠ بەهۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە لە ١١%کۆی گشتی داهات دابەزی[٣]. ئەمەش هۆکارێکە لەبەردەم حکومەتی عێراق کە نەتوانێت وەک پێویستە پرۆژە و پلانەکانە ئابوری و گەشەپێدانەکانی جێبەجێ بکات.

خەرجییەکانی عێراق ساڵ دوای ساڵ بەرزدەبنەوە کە بەشی زۆری بۆ موچە دەڕوات، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ بۆ ٢٠٢٤ خەرجییەکان لە ١٠٤ ترلیۆن دینارەوە بازیداوە بۆ ١٢٥ ترلیۆن دینار، واتە زیاتر لە ٢٠ ترلیۆن دینار زیادبووە، لە ماوەی تەنها دوو ساڵدا مووچە لە ٤٣ ترلیۆن بۆ ٦٠ ترلیۆن دینار زیاد بووە[٤].

ژمارەی فەرمانبەرانی عێراق ٤.٢ ملیۆنە و ژمارەی خانەنشینان زیاترە لە ٣ ملیۆن، ئەمە جگە لەوەی زیاتر لە ٣ ملیۆن هاوڵاتی لەناو تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتیدا هەیە[٥] (بێجگە لەموچە خۆری هەرێمی کوردستان). لە کاتێکدا بەپێی سەرژمێری ٢٠٢٤ ژمارەی دانیشتوانی عێراق ٤٥,٤٠٧,٨٩٥ کەسە[٦]، واتە زیاتر لە یەک لەسەر چواری دانیشتوانی عێراق موچە لەحکومەت وەردەگرن.

ئەگەر پرۆژەی رێگەی گەشەپێدان جێبەجێ بکرێت ئەوا دەرفەتێکی گەورە دەبێت بۆ باشترکردنی ئابووری عێراق، لەرێگەی:

١. فرەچەشنکردنی سەرچاوەی داهات، لەجیاتی ئەوەی عێراق تەنها پشت بەسەرچاوەی فرۆشتنی نەوت ببەستێت، پرۆژەکە داهاتی تر بۆ عێراق فەراهەمدەکات کە پێشبینی دەکرێت ساڵانە لەنێوان (٤- ٦) تریلیۆن دینار (٤ ملیار دۆلار) قازانج بەدەستبهێنێت، ئەم ژمارەیە نزیکەی (٣٨- ٥٦%)ی داهاتی کەناڵی سوێس بۆ ساڵی ٢٠٢٢ پێکدەهێنێت، کە دەکاتە (٨) ملیار دۆلار[٧].

٢. بەهێزکردنی ئابووری خۆجێی لەڕێگەی بەستنەوەی ناوچە دوورەدەستەکان بەشار وشارۆچکەکان و دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان و ڕەخساندنی هەلی کاری نوێ. بڕیارە ئەو شار و شارۆچکانەی کە لە رێگەی گەشەپێدانەوە نزیکن پرۆژەی پیشەسازی و خزمەتگوزاری لەخۆ بگرن کە نزیکەی (١٠٠) هەزار هەلی کار دەرەخسێنێت[١]. ئەمە جگە لەو داهاتانەی کە لەچون و هاتنی شمەک و کاڵا بازرگانییەکان دەستیدەکەوێت و سوودێکی زۆر بە ئابووری عێراق دەگەیەنێت.

٣. دروستکردنی ژێرخانی ئابووری: پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان دەرفەتێک دەڕەخسێنێت بۆ باشترکردنی ڕێگاوبان و پرد و ژێرخانی دیکە لە عێراق، بەرزکردنەوەی گواستنەوە و ئاسانکاری بۆ هاتوچۆی کاڵا و خەڵک. ئەمەش دەتوانێت بارگرانی لەسەر ژێرخانی عێراق کەم بکاتەوە، کە بەهۆی کۆنبوون و چاکنەکردنەوەی رێگابانەکان زیانێکی بەرچاوی بەرکەوتووە.

٤. بەرزکردنەوەی توانا بازرگانی عێراق: ڕێگاکە لە قۆناغی یەکەمدا توانای گواستنەوەی سێ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کۆنتێنەری بارهەڵگر دەبێت، کە یەکسانە بە ٢٢ ملیۆن تۆن، بڕیارە هێڵی ئاسنی دوو ڕێڕەوی هەبێت و ڕۆژانە ٨٠-٩٠ شەمەندەفەری کارەبایی لەخۆبگرێت. مەزەندە دەکرێت کە ڕێگاکە نزیکەی (١٥) ڕۆژی پێویستە بۆ گواستنەوەی کاڵا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بۆ باکووری ئەوروپا، بەمەش دەبێتە ئامرازێکی سەرنجڕاکێش بۆ کۆمپانیاکانی گواستنەوە و وڵاتان بۆ بەکارهێنانی ڕێگاکە بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان لەبری ڕێگاکانی تر کە پێویستیان بە ماوەیەکی درێژترە[٧].

## دووەم: دەرفەتی سیاسی

لەڕووی سیاسییەوە جێبەجێ کردنی پرۆژە ڕێگەی گەشەپێدان ڕۆڵی گرنگ و دەرفەت دەبێت بۆ فەراهەمکردنی سەقامگیری سیاسی لەناوخۆی عێراق و کەمبوونەوەی ئاستی ناکۆکی و ململانێ سیاسی و تائیفییە ناوخۆییەکان و بەهێزبوونی پێکەوەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی.
هەروەها سەرکەوتنی پرۆژەکە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق و زیادبوونی متمانەی هاوڵاتیان، بەجۆریک حکومەت دەتوانێت پێداویستی و خزمەتگوزارییەکان دابین بکات و وەڵامدەرەوەی داواکارییەکانی خەڵک بێت. ئەمەش دەکرێت ئاستی نارەزایەتی و بەریککەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی کەمبکاتەوە و ئاشتی کۆمەڵایەتی بێنێتە ئاراوە.
سەقاگیربوون و بەهێزبوونی عێراق لەناوخۆدا، بەدڵنیاوە دەبێتە هۆی بەهێزبوونی لەسەر ئاستی دەرەوە. سەرەتا دەکرێت عێراق وەک دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری سیاسەتی دەرەوەی سەربەخۆی هەبێت و خۆی لەهەموو پەیوەستییەکی دەرەکی دابڕێت و ڕێگری بکات لەدەستێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێ. پاشان پرۆژە ڕێگەی گەشەپێدان ئامرازێک دەبێت بۆ بنیادنانی پەیوەندیەکی هاوسەنگ و پتەو لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و ناچەکەدا، کە پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای بوونی بەرژەوەندی ئابوری و بازرگانی و ئەمنی هاوبەش دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێز بوونی پێگەی سیاسی عێراق.

## سێهەم: دەرفەتی جێوپۆلیتیکی

عێراق هەڵکەوتی جیۆپۆلەتیکی گرنگی هەیە، لە مێژەوە ناوەندی شارستانی بووە و کاریگەریی بەسەر ناوچەکە و جێهانی کۆندا هەبووە. عێراق دەکەوێتە دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەکرێت ببێتە پردی وشکانی بەستنەوەی ئاسیا بە ئەوروپاوە.

لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە هەوڵدراوە بۆ بەستنەوەی عێراق بە ئەوروپاوە لە ڕێگەی پرۆژەی هێڵی شەمەندەفەری (بەغداد - بەرلین) کە پرۆژەکە لەلایەن کۆمپانیا ئەڵمانییەکانەوە ئەنجامدەدرا، و دواتر پرۆژەکە گەورە کراو بەسرەی بۆ زیادکراو کە درێژ دەبووە تا ئەستەمبوڵ و لەوێشەوە بۆ بەرلین، بەڵام بەهۆی لاوازی دەوڵەتی عوسمانی وسەرهەڵدانی جەنگی جیهانی یەکەم پرۆژەکە شکستیهێنا.
پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان زیندووکردنەوەی خەونی بەستنەوەی عێراقە بە ئەوروپاوە کە لەمێژەوە دەسەڵاتدارانی عێراق لەژێر ناو و پرۆژەی جیاوازدا هەوڵی بۆ دەدەن. ئامانج لێ سوود وەرگرتنە لەپێگەی جوگرافی وڵات و بەستنەوەی بە ڕێڕەوی بازرگانی نێودەوڵەتی بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی ئابووری و بەهێزکردنی پێگەی عێراق و زیادکردنی کاریگەری جیۆپۆلەتیکی.

پڕۆژەکە دەرفەتێک دەبێت عێراق بخرێتە سەر نەخشەی ڕێڕەوە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان و ببەسترێتەوە بە پڕۆژە ستراتیجییە گرنگەکانەوە. یەکێک لەو پڕۆژانە دەستپێشخەریی "یەک پشتێنە و یەک ڕێگە" ناسراو بە ڕێگەی ئاوریشمی نوێ کە وڵاتی چین پێشنیازی و کردوە و جێبەجێ دەکات. پڕۆژەی ڕێگەی ئاوریشمی نوێ لە بنەڕەتدا نوێکرنەوەی ڕێگەی ئاوریشمی کۆنە، کە لە چین-ەوە دەستی پێ دەکرد بەرەو ناوچەکانی تری ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقا.

هەرچەندە هەندێک پێیانوایە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان دەبێتە ئەلتەرناتیف بۆ پڕۆژەی ڕێگەی ئاوریشمی نوێ و ئەمەش دەبێتە ئاستەنگ بۆ پڕۆژەکەی عێراق، بەڵام لەڕاستیدا دەبێتە تەواوکەری یەکتر و سودێکی گەورە بە هەردوو دەوڵەت دەگەیەنێت، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٣). بەتایبەتیش کە عێراق و چین پەیوەندیەکی بەهێزی ئابوریيان هەیە و چەندین ڕێککەوتننامەیان لەبواری بازرگانی و وەبەرهێناندا واژوو کردوە.


بەپێی ڕاپۆرتی کۆمپانیای ئێس ئەند پی گڵۆباڵ (S&P GLOBAL ) عێراق لە ڕیزبەندی ٢٠ هاوبەشی بازرگانیی چین بووە لە ساڵی ٢٠٢٤دا ، کە قەبارەی بازرگانییەکەی نزیکەی ٥٤.٢ ملیار دۆلار بووە و هەناردەی چین بۆ عێراق نزیکەی ٣٨.٢ ملیار دۆلار بووە، لەکاتێکدا هاوردەکردنی نەوت لە عێراقەوە نزیکەی ١٦ ملیار دۆلار بووە[٨].




نەخشەی (٣) ڕێڕەوە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان [٢٥]

تسوی وی باڵوێزی چین له عێراق لەمیانەی کۆبوونەوەی لەگەڵ محەمەد شەیاع سودانی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەڵێت: " رێگەی گەشپێدان بۆ عێراق زۆر گرنگە و دەبێتە رێگەی ئاشتی و بوژانەوە لە ناوچەکە، دەبێتە تەواوکەری پرۆژەی پشتێن و رێگە"[٩]. ئەم لێدوانە گرنگپێدانی وڵاتی چین دەردەخات بەعێراق و هەوڵدان بۆ بەستنەوەی هەردوو رێگاکە لە کاتی تەواو بونیدا.

یەکێکی تر لە پرۆژە نێودەوڵەتییەکانی گواستنەوە و بازرگانی کە لەم دواییانەدا پێشنیار کراوە و بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێدەپەڕێت، ڕێڕەوی ئابووری هیندستان- رۆژهەڵاتی ناوەڕاست-ئەوروپایە کە بە (ڕێڕەوی سەوز)یش ناسراوە. ئەم پرۆژەیە لە پەراوێزی لوتکەی جی ٢٠ ڕاگەیەندرا، کە سەرەتای مانگی ئەیلولی ٢٠١٩ لە هیندستان کۆتایی هات، سعودیە، یەکێتی ئەوروپا، هیندستان، ئیمارات، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ئەمریکا یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان واژۆ کرد، بەپێی ئەو یاداشتە ئەم وڵاتانە بەڵێنیان دا کە بەیەکەوە کاربکەن بۆ تەواوکردنی ئەم پرۆژەیە. ڕێڕەوی سەوز ئامانجی بەستنەوەی هیندستانە بە دەوڵەتانی کەنداو لە ڕێگەی دەریاوە، پاشان بەستنەوەی ناوچەی کەنداو لە ڕێگەی هێڵی ئاسن کە لقیان دەبێتەوە بۆ ئوردن و ئیسرائیل، لەوێشەوە لە ڕێگەی دەریاوە بە ئەوروپا (یۆنان) دەبەسترێتەوە، بڕوانە نەخشەی ژمارە(٤)[١٠].




نەخشەی (٤) ڕێڕەوی بازرگانی نێوان هندستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.[١٠]

ئەمریکا گرنگییەکی زۆر دەدات بەم پرۆژەیە بۆ بەستنەوەی دۆستەکانی هندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا بەیەکەوە و ئامانج ستراتیجی لە پرۆژەی ڕێرەوی سەوز دروستکردنی پرۆژەیەکی رەکابەری هاوشێوەی ئەوەی چین-ە (دەستپێشخەری پشتێن و ڕێگە).

ئەم پرۆژەیە بەعێراق دا تێناپەڕێت و لە ئەگەر جێبەجێ کردنی دا کاریگەی نەرێنی لەسەر پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان دەبێت، بەڵکو دەبێتە ئەلتەرناتیڤێک بۆ پرۆژەکەی عێراق.

لەگەڵ ئەمانەشدا جێبەجێ کردنی پرۆژەی ڕێڕەوی سەوز قورسە و ئاستەنگی زۆرە بەتایبەتیش ئەو بەشەی پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە هەیە، کە پەیوەستە بە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل کە لە ئێستادا ئەو پەیوەندییە ئاڵۆز و پچڕاوە و پڕ کێشەن. لەم روانگەیەوە، دەکرێت پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانی عێراق ببێتە بەدیلێک بۆ بەشی وشکانی ڕێرەوی سەوز، واتە لەهندستانەوە بۆ بەندری فاو و پاشانیش بۆ تورکیا و ئەوروپا.

پرۆژەی ڕێڕەوی گواستنەوەی نێودەوڵەتی باکوور-باشوور (INSTC) یەکێکە تر لەو پرۆژە بازرگانیانەی کە لەنزیک عێراق ئەنجامدەدرێت. هەرچەندە ڕیشەی ئەم پرۆژەیە دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی دوو دەیە پێش ئێستا، بەڵام ڕێڕەوی گواستنەوەی نێودەوڵەتی باکوور بۆ باشوور کە هەوڵدەدات هێڵی گواستنەوە لە هیندستانەوە لە ڕێگەی ئێرانەوە بۆ ڕووسیا دابمەزرێنێت، لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا گەڕاوەتەوە پێشەوە. بەهۆی جەنگی ڕووسیا - ئۆکرانیا و سەپاندنی سزاکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا کە بەسەر روسیا و ئێراندا.




نەخشەی (٥) ڕێڕەوی گواستنەوەی نێودەوڵەتی باکوور-باشوور[٢٦]

پرۆژەی ڕێڕەوی گواستنەوەی نێودەوڵەتی باکور-باشوور کە درێژییەکەی ٥٣٠٠ کم، ئامانجی ئاسانکارییە بۆ گواستنەوەی باری بازرگانی لە نێوان ئەفغانستان، ئەرمینیا، ئازەربایجان، ڕووسیا، ئاسیای ناوەڕاست، ئەوروپا، هیندستان و ئێران بڕوانە نەخشەی ژمارە(٥). پرۆژەکە لە ڕێگەی بەندەری ستراتیژی چابەهارەوە مومبای بە سان پترسبۆرگەوە دەبەستێتەوە. ئێران و روسیا لە ٢٠٢٣ ڕێککەوتنێکیان واژۆکرد بۆ دامەزراندنی هێڵی ئاسنی ڕەشت – ئاستەرە، کە هێڵێکی ١٦٠ کیلۆمەترییە و پێشبینی دەکرێت تا ساڵی ٢٠٢٧ تەواو بێت[١٠].

بەهەمان شێوە ئەم پرۆژەکە ڕووبەڕووی ئاستەنگ بوەتەوە، وەک خراپی ژێرخانی گواستنەوە و ڕێگاوبانی ئێران و نەتوانینی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی یان دابینکردنی سەرچاوە داراییە پێویستەکان بۆ تەواوکردنی ڕێڕەوەکە، هەروەها تێکچونی پەیوەندییەکانی ئێران و ئازەربایجان دوای شەڕی قەرەباخ لە ساڵی ٢٠٢٠دا.

ڕووسیا دەیەوێت پرۆژەی ڕێڕەوی گواستنەوەی نێودەوڵەتی باکوور-باشوور ببەستێتەوە بە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان، لەبارەیەوەیەوە ئێلبروس کوتراشیف باڵیۆزی ڕووسیای فیدڕاڵ لەعێراق لە وتەیەکیدا لە دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ئاماژەی بەوەدا کە عێراق لە ئەولەویەتی ڕووسیایە و گەشبینن بە دۆخی عێراق و پەیوەندییەکی سیاسی و ئابووری و کلتوری بەهێزییان هەیە و دەیانەوێت پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان ببەستنەوە بە پرۆژەکەی ڕووسیا[١١].


## تەوەرەی سێهەم: هەرێمی کوردستان و پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان

بەپێی نەخشەی سەرەتایی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان بەهەرێمی کوردستاندا تێناپەڕێت، تەنها بەشێکی کەمی نەبێت کە دەکەوێتە سنوری پارێزگای دهۆک. حکومەتی عێراق هۆکاری تێنەپەڕینی ڕێگەکە بەهەرێمی کوردستاندا دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری جوگرافی و بەرزو نزمی خاکی هەرێم، باسم عەواد وتەبێژی حکومەتی عێراق دەڵێت: "کاتێک کۆمپانیای دیزاین پلانی ڕێگاکەی دانا، دەیانویست بە هەرێمی کوردستاندا تێپەڕێت، بەڵام ڕووبەڕووی بەرزونزمی خاکی هەرێم بوونەوە، بۆیان دەرکەوت ئەگەر بە هەرێمیدا تێپەڕێت دروستکردنەکەی ڕێگەکە شەش ساڵ زیاد دەکات لەبری چوار ساڵ، و لەبری ١٧ ملیار دۆلار ٢٠ ملیار دۆلاری دیکەی تێدەچێت"[١٢].

حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەخنەیان لە دەسەڵاتدارانی عێراق هەیە کە بۆ پڕۆژەکە پرسیان پێنەکراوە و هەرێم کراوەتە دەرەوەی پڕۆژەکە و پێویست بووخەڵکی کوردستانیش سودمەندبن و پڕۆژەکە لە جیاتی ئەوەی بە ڕۆژئاوای ڕووباری دیجلەدا بەرەو سنووری تورکیا ڕاکێشرێت دەبوو بە ڕۆژهەڵاتی دیجلەدا تێپەڕ ببێت.

ئانۆ جەوهەر وەزیری گواستنەوە و گەیاندنی هەرێم لەم بارەیەوە پێی وایە تێپەڕبوونی ڕێگاکە بە ڕۆژهەڵاتی دیجلە کە بە دەشتی نەینەوادا تێپەڕ دەبێت لە کۆمەڵێک ڕووەوە بە قازانجی عێراق و هەرێمی کوردستان و دانیشتووانی ناوچەکەیە، چونکە سێ و دوو کیلۆمەتر ڕێگاکە کورت دەکاتەوە و لەگەڵ ئەمەدا ڕێگایەکی ئارامترە و خەرجییەکانی پڕۆژەکە کەم دەکاتەوە و پێکهاتەکانی کورد، ئاشووری، کلد، تورکمان، مەسیحی، کاکەیی و سەرجەم پێکهاتەکانی تر لێی سوودمەند دەبن[١٣].

حکومەتی هەرێم پڕۆژەی تایبەتی بەخۆی هەیە بۆ دروستکردنی هێڵی ئاسنی شەمەندەفەر کە لە قۆناغی لێکۆڵینەوەدایە و گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای کۆنسترانسە بۆ لێکۆڵینەوە لە دامەزراندنی هێڵی شەمەندەفەر واژوو کردووە، و دیراسەتەکەش چەند قۆناغی هەیە و لایەنە ئابووریی و بازرگانیی و کۆمەڵایەتیی و ژینگەیی و کواڵیتی و ئەندازیاری و شێوازەکە و شوێنی ڕێڕەوەکە و تێچوونەکەی تاوتوێ دەکرێت، ڕەوی یەکەمی ٦٢٠ کیلۆمەترە، و بوودجەکەی ٥ بۆ ٦ ملیار دۆلاری پێویستە[١٤].




نەخشەی (٦) هێڵی ئاسنی هەرێمی کوردستان [٢٧]

ڕێڕەوەی هێڵی شەمەندەفەر کراوەتە دوو قۆناخ: قۆناخی یەکەم سەرەکییە کە لە ئیبراهیم خەلیلەوە بۆ زاخۆ و دهۆک و هەولێر و سلێمانی و گەرمیان دەسپێدەکات. لە قۆناخی دووەمیشدا، چەند هێڵێکی دیکەی لاوەکی لەسەر هێڵی سەرەکی بۆ ناوچەکانی قووڵایی هەرێم دروست دەکرێن، بۆ نموونە لە سنووری پارێزگای دهۆک بۆ ناوچەکانی بەرواری بەرە و ئامێدی و لە سنووری پارێزگای هەولێریشەوە بەرەو چۆمان و حاجی ئۆمەران. لە سنووری پارێزگای سلێمانییش بەرەو ئیدارەی سەربەخۆی ڕاپەڕین و هێڵێک بەرەو هەڵەبجە و هێڵێکیش بەرەو پێنجوێن و باشماخ دەڕوات. هێڵی سەرەکیی شەمەندەفەر لە مووسڵ و کەرکووک بە عێراقەوە دەبەستریتەوە، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٦) [١٤] ئەگەر هەموو پڕۆژەکە جێبەجێ بکرێت درێژی پڕۆژەکە دەبێتە (١١٢٠) کم و تێچووەکەش دەگاتە (١٠) ملیار دۆلار.

حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت لە ئایندەدا و ئەگەر هەردوو پڕۆژەکە تەواوکران هێڵی شەمەندەفەرەکەی خۆی ببەستێتەوە بە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان، بڕوانە نەخشەی ژمارە (٧) بۆ ئەم مەبەستەش داوایان لە حکومەتی عێراق کردووە کە بەشێکی ڕێڕەوی ڕێگەی گەشەپێدان بەخاکی هەرێم دا تێپەڕێت، تائێستا عێراق هیچ وەڵامێکی هەرێمی بەداوەتەوە.




نەخشەی (٧) بەستنەوەی ڕێگەی گەشە پێدان بەرێڕەوە ناوخۆییەکانەوە[٢٣]

گرنگی تێپەڕینی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان بۆ هەرێمی کوردستان:

١. پاراستن و بەهێزکردنی پێگەی جیۆپۆڵەتیکی هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی هەرێم دەکەوێتە باکوری عێراق و تەواوی سنووری تورکیا و پاشان ئەوروپا بەستراوەتەوە بە خاکی هەرێمەوە. بەتایبەتیش ئەگەر دەروازەی ڕێڕەوی ڕێگەی گەشەپێدان لە فیشخابوورەوە بگوزرێتەوە بۆ ئیبراهیم خەلیل، هەرێم کۆنترۆڵی تەواوی دەبێت بەسەر پڕۆژەکە و نفوز و کاریگەری سیاسی لەسەر عێراق و تورکیا زیاد دەبێت.

٢. هەرێم کوردستان دەچێتە سەر نەخشەی ڕێڕەوە جیهانییەکان، لەڕێگەی بەستنەوەی ڕێڕەو و ڕێگە ناوخۆییەکان بە ڕێڕەوی ڕێگەی گەشەپێدانەوە کە لەڕووی بازرگانی و ئابووری و هاتووچۆ سودێکی گەورەی دەبێت بۆ هەرێم.

٣. بەهێزکردنی ژێرخانی ئابوری هەرێم و ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆ هاوڵاتیان و بوژانەوەی ئەو ناوچانەی ڕێڕەوی پڕۆژەکە تێدا تێپەڕ دەبێت. هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ بەتایبەتی ئێران کە هەرێم دەبێتە خاڵێکی گرنگی ترانزێت.

لەبەرامبەردا، حکومەتی عێراق مەبەستێتی خۆی لەهەژمون و باڵادەستی هەرێم کوردستان بەسەر دەروازە و سنوری تورکیا رزگار بکات و بویە دیزاین و نەخشەی پڕۆژەکە بەشێوازێک داڕێژراوە کە بەشێکی زۆرکەم لە پڕۆژەکە بەهەرێم دا تێدەپەڕێت.
ئەمەش ڕەهەندێکی سیاسی هەیە کە کۆنترۆڵ کردنی سنوری تورکیا و بچوکردنەوەی ڕۆڵی هەرێمی کوردستانە و پەیوەندی بەهۆکاری تەکنیکی و جوگرافییەوە نییە، وەک بەرپرسانی حکومەتی عێراق ئاماژەی پێدەدەن. لەم ڕووەوە بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی هەرێم بە پێگەی ئەمواجی راگەیاندوە کە ڕێگەی گەشەکردنی نێوان عێراق-تورکیا هەوڵێکی سیاسییە بۆ سنورданان بۆ هەژمونی ئابووری و سیاسی هەولێر لە ڕێگەی بەستنەوەی راستەوخۆی عێراق بە تورکیاوە[١٥].
هەرچەندە فیشخاپور بەشێکە لە خاکی هەرێمی کوردستان، لە سنوری ئیدارەی پارێزگای دهۆکدایە، بەڵام ناکەوێتە ناوجەرگەی هەرێمەوە واتە ئەو ڕێگایە بەناو جەرگەی ئەو خاکەدا ناڕوات کە لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندایە، بەڵکو بە بەشێکی بچوکی خاکی هەرێمدا تێدەپەڕێت، بە ئەگەری زۆرەوە ئەنقەرەو بەغدا لەو بڕوایەدان دەتوانن هەرێم ناچار بکەن کەبەم هەوڵە رازی ببێت. چەندین جار دەسەڵاتی تورکیا جەختیان لەوە کردووەتەوە کە بژاردەی هەبوونی ڕێڕەو لە ژێر سەرپەرشتی بەغدا بە باشتر دەزانن هەوڵەکان بە ئاڕاستەی هێڵی ئاسن و ڕێگای وشکانی راستەوخۆ لەگەڵ بەغدادایە، بە واتایەکی تر، ئەنقەرە دەستەبەرداری پێشخستنی پرۆژەکەی لە فیشخاپورەوە بۆ ئیبراهیم خەلیل نابێت[١٥].

## تەوەرەی چوارەم: ئاستەنگەکانی بەردەم پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان

## یەکەم: ئاستەنگی ئەمنی

فەراهەمکردنی سەقامگیری و ئاسایش فاکتەرێکی گرنگە لە جێبەجێکردن و سەرکەوتنی پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان. هەرچەندە عێراق بەشێوەیەکی رێژەیی ئارام و سەقامگیرە لە بە بەراورد بەساڵانی پێشوو، بەڵام دۆخی ئەمنی عێراق لە ئاستێکی وەهادا نییە بتوانرێت پڕۆژەیەکی لەو شێوەیە جێبەجێ بکرێت، گرنگترین ئاستەنگەکان بریتین:

١. تا ئێستا هێزە چەکدارەکانی عێراق نەیتوانیوە تەواوی خاکی وڵات کۆنترۆڵ بکەن. بەتایبەتیش ناوچە بیابان و شاخ و دوورە دەستەکان، کە هەموو کات ئەگەر دروستبوون و سەرهەڵدانی گروپی یاخی چەکدار و خۆشاردنەوەیان لەو ناوچانە هەیە. ئەوەی دۆخەکەی زیاتر قورس کردوە کۆنترۆڵ نەکردنی دیاردەی چەکدارییە کە بەشێکی زۆری هاوڵاتیان و عەشیرەت و حزب و لایەنەکان خاوەنی چەکن و هەر کاتێک بیانەوێت بەکاری بهێنن.

٢. سەرهەڵدانەوەی گروپە تیرۆریستەکان، ناسەقامگیری دۆخی سیاسی و ململانێ تائیفی لەعێراق و ڕۆڵی هەندێک لەدەوڵەتانی دراوسێ هۆکارن بۆ دروست بوونی توندوتیژی و بەهێزبوونەوەی گروپە تیرۆریستەکان، بەتایبەتی داعش کەبەهۆی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و دۆخی سوریا ئەگەری دووبارە بەهێزبوونەوەیان هەیە.

٣. بوونی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لەناوچە سنوورییەکانی عێراق و تورکیا و سوریا مەترسیە بۆ سەر پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان. هەرچەندە چاوەڕێ دەکرێت پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا زیاتر بەرەوپێش بچێت و کێشەی کورد چارەسەر بێت و پەکەکە چەکدابنێت، بەڵام لەحاڵەتی تێکچونی پرۆسەی ئاشتی دۆخەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە و ئەگەری کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچە سنورییانە قورسە، ئەمەش هەڕەشە دەبێت بۆ سەر پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان.

٤. بوونی هێزی چەکداری هاوتەریب بە سوپای عێراق وەک هێزەکانی حەشدی شەعبی و پێشمەرگە، لەگەڵ ئەوەی ئەم هێزانە لەڕووی یاساییەوە بەشێکن لەپێکهاتەی هێزە چەکدارەکانی عێراق، بەڵام فرمان لەسوپاوە وەرناگرن و ئینتیمایان بۆ پێکهاتەو حزب وسەرکردەکانیان هەیە و دوورنییە لەململانێ ناوخۆییدا بەکاربهێنرێن.

## دووەم: ئاستەنگی دارایی

یەکێک لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم پڕۆژەکە دابینکردنی بودجەیە کەحکومەتی عێراق ئەو توانا داراییەی نییە بەتەنها بتوانێت ڕێگەی گەشەپێدان جێبەجێ بکات.
عێراق بەدەست کورتهێنانی دارایی و قەرزێکی گەورەوە دەناڵێنێت کە بە نزیکەیی (١٠٠) ترلیۆن دینار خەمڵێندراوە، هەروەها ناسەقامگیری نرخی نەوت و زیادبوونی بەردەوامی خەرجییەکان وا دەکات عێراق نەتوانێت بودجەی پرۆژەکە دابین بکات. کە تێچووی مەزەندەکراوی پڕۆژەکە (١٧ ملیار دۆلار) بەڵام بەگوێرەی ئاماری (پەیمانگەی دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی لە واشنتۆن) تێچووی پڕۆژەکە لە (٢٠) ملیار دۆلار زیاتر دەبێت[٧].
ڕەنگە باشترین بژاردە لە بەردەم عێراق ئەوە بێت کە لەڕێگەی قەرز لەرێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بکات یاخود لەرێگەی کەرتی تایبەت و کۆمپانیا جیهانییەکانەوە جێبەجێ بکات، کە ئەمەش ئاسان نییە و مەرج و داواکاری خۆی هەیە.

## سێهەم: نا کارامەیی و گەندەڵی

پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە ڕووبەڕووی هەندێک ڕەخنە بۆتەوە، هەندێک پێیانوایە وەک پێویست لێکۆڵینەوە لەبەهای ئابووری پڕۆژەکە و ئیمکانێتی جێبەجێ کردنی نەکراوە، ئایا ڕێگەکە لەواقعدا دەتوانێت تێچووی گواستنەوەی نێودەوڵەتی کەمبکاتەوە؟ ئەو کۆمپانیانە کێن ئەو ڕێگەیە بەکاردەهێنن و پێویستە چەند باج و گومرگ و بیمە بدەن؟ کە ڕەنگە تێچووەکەی بۆ کۆمپانیاکان زیاتر بێت ئەگەر کاڵاکان بە ڕێگای ئاوی بهێنرێن و پاشان بەوشکانی بەناو چەند دەوڵەتێکدا بگوازرێنەوە.
بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ناجێگیری عێراق و بەرزونزمی ئابورییەکەی چاوەڕێ ناکرێت وەک پێویست ڕێگای گەشەپێدان بەکاربێت و داهات پێویست بۆ عێراق دەستبخات. بەتایبەتیش کە عێراق بە دەست گەندەڵییەوە دەناڵێنێت و بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافێتی نێودەوڵەتی لە ٢٠٢٤دا عێراق لە پلەی ١٤٠ ریزبەندی گەندەڵییە لە کۆی ١٨٠ دەوڵەت و بە پلەی هەشتەم دێت لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی[١٦].
بەشیك لە پڕۆژە گرنگەکانی عێراق پەکخراون یان دواکەوتوون بە هۆی گەندەڵی و سەرانەوە وەرگرتن و ململانێ حزبەکان لەسەر ئەو پڕۆژانە بۆ دەستکەوتی دارایی. بۆ نمونە بەندەری گەورەی فاو چەندین جار کارەکانی ڕاگیراوە و دواکەوتووە بەهۆی کێبڕکێی لایەنە سیاسییەکان و هێزە چەکدارەکان بۆ بردنەوەی گرێبەستەکانی دروستکردنی بەندەرەکە. بە تایبەتی لە نێوان ڕەوتی سەدری و عەسائیب ئەهلی حەق و ڕێکخراوی بەدر.

هەندێک ئەم پرۆژەیە تەنها وەک بەرگێکی نوێ بۆ گەندەڵی سیاسی دەبینن کە حزب دەسەڵاتدارەکان دەیقۆزنەوە. کە سەرەتا پرۆژەکە بەگەندەڵی دەست پێکردوە کۆمپانیای PEG ئیتاڵی بەشێوەیکی یاسایی گرێبەستی (لێکۆڵینەوەی بەهای ئابووری) پێنەدراوە پابەند نەبووە بەو میکانیزمە یاساییانەی کە پێویستن بۆ ئەنجامدانی گرێبەستە حکومییەکانوکۆمپانیای کە ئەزموونی هاوشێوە و پێویستی لە پرۆژەکانی ژێرخان دا نییە[١٧].

## چوارەم: دەوڵەتانی دراوسێ

پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان لەسەر ئاستی هەرێمی ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو دەبێتەوە، ئەمەش بەهۆی گرژی و هەستیاری پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەتایبەت ئێران و تورکیا.
ئێران پرۆژەو ڕێڕەوی بازرگانی تایبەت بەخۆی هەیە ڕەنگە ئاستەنگە بۆ عێراق دروست بکات بەو پێیەی پرۆژە ڕێگەی گەشەپێدان بەرکابەری بەندەرەکانی دەزانێت، بە تایبەت بەندەری ئیمام خومەینی کە دەکەوێتە خۆر موسا لە پارێزگای خوزستان و هەوڵە دەدات بیبەستێتەوە بە هێڵی شەمەندەفەری بەسرە و شەلەمچە لە عێراق بۆ بەرزکردنەوەی بازرگانی (ترانزێت) لە نێوان هەردوو وڵاتدا، کە لە ساڵی ٢٠٢٢دا گەیشتە (١٠٠٢٣٦) ملیار دۆلار، کە بەشێکی زۆری بۆ غازی و کارەبای ئێران دەگەڕێتەوە[٧].

بێجگە لەوەی کە ئێران ڕۆڵ و نفوزی سیاسی و سەربازیی گەورەی لە عێراق هەیە و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی دەکات و هەرکات بیەوێت دەتوانێت ئەم جۆرە پرۆژانە پەکبخات یان بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری بهێنێت. بۆیە بەبێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی ئێران مەحاڵە پرۆژە ڕێگەی گەشەپێدان سەرکەوتوو بێت.

تورکیا هاوبەشی سەرەکی پرۆژە ڕێگەی گەشەپێدانە و ئەڵقەی بەستنەوەی عێراقە بە ئەورووپاوە. هەر لەسەرەتاوە تورکیا بەشداری کارای لەپرۆژەکە کرد، لە نیسانی٢٠٢٤ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەردانی بەغدای کرد و ٢٦ یاداشتنامەی لەیەکتێگەیشتنیان لەگەڵ عێراق واژوو کرد یە یەکێکیان تایبەت بوو بە پرۆژە ڕێگەی گەشەپێدان[١٨].

ڕێگەی گەشەپێدان دەرفەتی ئابووری گەورە و بەهای ستراتیژی و جیوپۆلەتیکی دەرەخسێنێت بۆ تورکیا، هاوشێوەی گوستنەوەی بۆرییەکانی نەوت و گاز بەناو خاکی وڵاتەکەی کە پێگەی تورکیا بەهێز دەکات، دەمێکە سەرکردەکانی تورکیا هەوڵ دەدەن تورکیا بکەن ویستگەیەک بۆ گواستنەوە وزە و شمەک و کاڵا بۆ ئەوروپا لەرێگای وشکانی و ئاوەوە و پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان ئەو هەوڵانە بەهێز دەکات[١٩].

پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان بەشێکە لە دیدی فراوانی تورکیا بۆ ئەوەی ببێتە کارەکتەرێکی سەرەکی لە بازرگانیی ناوچەییو جیهانیداو ڕۆڵی کاراو کاریگەر ببینێتو جێپەنجەی خۆی لە سەر سیاسەتی هەرێمیو نێودەوڵەتی دابنێت. ئەنقەرە بە باشترکردنی ژێرخانی ئابووریی خۆی، ئامانجی ڕاکێشانی وەبەرهێنانو زیادکردنی گەشەی ئابووریو کەمکردنەوەی پشتبەستن بە ڕێڕەوە بازرگانیو تەقلیدییەکانە. هەروەها ئەم پرۆژەیە لەگەڵ دەستپێشخەریی "کۆریدۆری ناوەڕاست"دا هاوتەریبە، کە هەوڵدەدات تورکیا وەک ناوەندێکی مەرکەزی لە دەستپێشخەریی پشتێنو ڕێگە، جێگیربکات[٢٠].

عێراق و تورکیا پەیوەندییەکی ئابوری بەهێزیان هەیە و قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی تورکیا لەگەڵ عێراق لە ٢٠٢٤ گەیشتە ٢٠ ملیار دۆلار، چاوەڕێ دەکرێت بۆ ساڵی ٢٠٢٥ ئەم ژمارەیە بەرزبکرێتەوە بۆ ٣٠ ملیار دۆلار[٢١].

لەگەڵ ئەمانەشدا، پەیوەندی تورکیا و عێراق بەرزو نزمی زۆری بەخۆیەوە، بەهۆی کێشەکانی نێوانیان وەک کێشەی ئاو و بوونی (پەکەکە) و کێشەکانی هەناردەکردنی نەوتی عێراق لە ڕێگەی بەندەری جەیهانی کە لە ئێستادا رواستاوە بەهۆی بڕیارەی دادگای بازرگانی نێودەوڵەتی. بەبێ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە و دروستبوونی سەقامگیری لەپەیوەندییەکان پڕۆژە ڕێگەی گەشەپێدان سەرکەوتن بەدەستناهێنێت.

## تەوەرەی پێنجەم: ئایندەی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان

سەبارەت بەئایندی پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان سێ سیناریۆ دەخینەڕوو:

**سیناریۆی یەکەم: سەرکەوتنی پڕۆژەکە**

بەپێی ئەم سیناریۆیە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و وەک ئەوەی پلانی بۆ دارێژراوە جێبەجێ دەکرێت و لەکاتی خۆیدا تەواو دەبێت، چونکە عێراق پێویستی زۆری بەپڕۆژەکەیە و مەبەستێتی سەرچاوەی ئابوری بەدیلی هەبێت و خۆی لەئابووری بەرخۆری (ریعی) رزگار بکات.
بۆ بەدیهێنانی ئەم سیناریۆیە پێویستە عێراق سەرکەوتوو بێت لە لابردنی هەموو کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم پڕۆژەکە. واتە کێشەی تەمویلکردنی پڕۆژەکە چارەسەر بکات و ئاسایش و سەقامگیری و سەلامەتی رێگەکە فەراهەمبکات و دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان قەناعەت پێبکات بە بەشداریکردن لەپڕۆژەکە و بەکارهێنانی.

ئەگەری ڕوودانی ئەم سیناریۆیە لاوازە، چونکە:

١. عێراق لەدۆخێکی ئابووری ناجێگیردایە، هەرچەندە داهاتی نەوتی زۆرە، بەڵام لەبەر گەندەڵی و زۆری خەرجییەکان و بەهەدەردانی داهاتی گشتی نەیتوانیوە بودجەی پێویست بۆ پڕۆژەکە تەرخان بکات.

٢. دۆخی سیاسی عێراق ناجێگیرە، ململانی حزبی و سیاسی کاریگەری دەبێت لە سەر پڕۆژەکانی دەوڵەت. بۆیە ئەگەر لە دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەرۆك وەزیران بگۆڕدرێت، لەوانە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان گرنگی لەدەست بدات و جێبەجێ نەکرێت.

٣. نا لەباری دۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ململانێ ئێران و ئیسرائیل دوور نییە عێراق پەلکێشی ململانێکان بکات و ڕووبەڕووی ناسەقامگیری و کێشەی ناوخۆیی ببێتەوە.

**سیناریۆی دووەم: شکستهێنانی پڕۆژەکە**

بەپێی ئەم سیناریۆیە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان شکست دەهێنێت وناتوانرێت جێبەجێ بکرێت چونکە(لەو سێ هۆکارەی سەرەوە):

١. ئەم پڕۆژە وەک بەشێک لەهەڵمەتی هەڵبژاردن و پروپاگەندی سیاسی بەکارهێنراوە و هەوڵێکی جدی نەبووە بۆ هێنانەدی.

٢. بەو پێیەی هەرێمی کوردستان بەشێک نییە لەپڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان ئاستەنگی بۆ دروست دەکات و ڕێگە نادات رێڕەوەکە بەهەرێمدا تێپەڕێت.

٣. ئێران لەپێناو سەرکەوتنی رێڕەوکانی خۆی و لاواز کردنی عێراق ئاستەنگ دروست دەکات لە بەردەم پڕۆژەکە و ڕێگە نادات جێبەجێ بکرێت.

ئەگەری ڕوودانی ئەم سیناریۆیە لەئارادایە، ئەگەر لەڕووداوەکانی ئێستا و ڕابردووی عێراق بڕوانین بۆمان دەردەکەوێت کە هێنانەدی پڕۆژەیەکی پڕۆژەیەکی گەورەی ستراتیجی لەم ئاستەدا ئەستەم، عێراق زۆر بەکەمی سەقامگیری سیاسی و ئابووری و ئەمنی درێژخایەنی بەخۆیەوە بینیوە کە بۆ جێبەجێ ئەم جۆرە پڕۆژانە پێویستن.

**سیناریۆ سێهەم: بەشێک لەپڕۆژەکە جێبەجێ بکرێت**

بەپێ ئەم سیناریۆیە تەنها بەشێک لە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان جێبەجێ دەکرێت. لەبەر ئەو هۆکارانەی کە لەسیناریۆکانی پێشوودا ئاماژەمان پێدا عێراق ناتوانێت پڕۆژەکە وەک خۆی جێبەجێ بکات، تەنها بەشێک لەڕێڕەوەکە چاو بەدنیا هەڵدەهێنێت.

ئەگەری ڕوودانی ئەم سیناریۆیە بەهێزە، چونکە عێراق خۆی چەندین ساڵە سەرقاڵی بنیادنانی بەندەری گەورەی فاوە (کە دەستپێکی ڕێڕەوی ڕێگەی گەشەپێدانە) بەشێکی بەندەرەکە تەواو بووە و بودجەی بۆ تەرخان کراوە.

بەشێکی تری پڕۆژەکە، کە تەواو دەکرێت بریتی دەبێت لە نوژەنکردنەوە و گەورەکردن هێڵی ئاسنی عێراق لە نێوان بەندەری ئوم قەسر لە باشوور و موسڵ لە باکووری عێراق. بودجەی نوێ کردنەوەکە لە لایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە تەرخانکراوە کە ڕەزامەندی دەربڕیوە بڕی ٩٣ ملیۆن دۆلاری بەقەرز بەعێراق بدات، بۆ نوژەنکردنەوە هێڵی ئاسنی عێراق و بەرزکردنەوەی ئاستی بازرگانی ناوخۆیی و ڕەخساندنی هەلی کار و هەمەچەشنکردنی ئابوری عێراق[٢٢].

## دەرئەنجامەکان

پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان دەرفەتێکی مێژوویی و گرنگی سیاسی، ئابووری و جیۆپۆڵەتیکی گەورەی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە هەیە. بە تەواوکردنی پرۆژە وەک خۆی عێراق پێدەنێتە دۆخ و قۆناغێکی جیاوازەوە، کە قۆناغی گەشەکردنی ئابوری و سەقامگیرییەوە لەڕێگەیەوە عێراق دەتوانێت سەرچاوەی داهاتی فرە چەشن بکات و ئابورییەکی بەهێز بنیاد بنێت و بچێتە سەر ڕێڕەوە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکان، کە ڕۆڵ و کاریگەری ستراتیجی گەورە بەعێراق دەبەخشێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

جێبەجی کردنی پرۆژەکە و گەیاندنی بەخاڵی کۆتایی هەروا ئاسان نییە و چەندین ئاستەنگی ئەمنی، دارایی و سیاسی لەبەردەمە. بۆیە سەرکەوتنی ڕێگەی گەشەپێدان پێویستی بەتەرخانکردنی بودجە و ڕەخساندنی دۆخێکی ئارام و سەقامگیر و سیاسەتێکی ناوخۆیی و دەرەکی هاوسەنگ هەیە، کە لەئێستادا بەشێک لەو پایە گرنگانە نیین وئەمەش تەواوکردنی پرۆژەکە وەک خۆی دەخاتە گومانەوە، کە ڕەنگە لەکۆتایدا تەنها چەند بەشێکی بچوک لەپرۆژەکە لەناوخۆی عێراق دا تەواو بکرێت.

یەکێک لە ئاستەنگە سەرەکییەکان، بێ بەشکردنی هەریمی کوردستانە لە پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان کە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە بەمەبەست ئەنجامدرابێت و بۆ پەراوێزخستنی هەرێم و بەستنەوەی ڕاستەوخۆی ناوەڕاست و باشوری عێراقە بەتورکیاوە. بەشداری پێکردنی هەرێمی کوردستان لەپرۆژەکە یەکێک لەگرێ کوێرەکانی بەردەم پرۆژەکە دەکاتەوە، کە دەکرێت ئاستی گەشی ئابوری ناوخۆی هەرێم بەرزبکاتەوە و سەقامگیری سیاسی دروست بکات و پەیوەندییەکانی بەغدا و هەولێر بەهێز بکات.

## ڕاسپاردەکان

١.پێویستە ئیرادەیەکی سیاسی و نیشتیمانی ڕاستەقینە لە عێراق هەبێت بۆ سەرخستنی پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان، بەجۆرێک هەموو کۆسپە سیاسی و ئەمنی و داراییەکان لاببرێت.

٢. بەشدارییکردنی حکومەتی هەرێم لە پرۆژەکە و بەستنەوەی ڕێڕەوی گەشەپێدان بە ڕێڕەوەکانی هەرێمی کوردستانەوە و دانانی میکانیزمێکی دامەزراوەیی بۆ هاوکاری نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکیە سیاسی و یاسایی و داراییەکان، کە فاکتەرێکی بەهێز دەبێت بۆ سەرخستنی پرۆژەکە و بەهێزبوونی پێگەی جیۆپۆلیتیکی عێراق.

٣. فەراهەمکردنی سەقامگیری و ئاسایش بەدرێژایی ڕێڕەوی پرۆژەکە و دروستکردنی ژینگەیەکی پارێزراو بۆ وەبەرهێنەران. پێویستە ستراتیژییەتێکی ئاسایشی گشتگیر دابڕێژرێت لە پێناو پاراستنی ڕێڕەوی گواستنەوە و ناوەندە لۆجستیکییەکان و ناوچەکانی وەبەرهێنان لە هەموو هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

٤. پێویستە عێراق کەشێکی یاسایی و ئیدارەی و دارایی لەبار بڕەخسێنێت بۆ وەبەرهێنان، لەوانە کەمکردنەوەی ڕۆتینیە کارگێڕییەکان و بەرزکردنەوەی پارێزبەندییە داراییەکان و دانانی چوارچێوەی ڕێکخستنی شەفاف. ئەم چاکسازیانە زۆر گرنگن بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی بەردەوام و دڵنیابوون لە توانای دارایی پرۆژەکە.

٥. بۆ گۆڕینی ڕێگای گەشەپێدان بۆ ڕێڕەوێکی بازرگانی نێودەوڵەتی کێبڕکێکار پێویستەی بە نوێکردنەوەی ژێرخانی ئابووری، تۆڕەکانی گواستنەوە، ناوەندەکانی لۆجستی، دابینکردنی وزە و ژێرخانی دیجیتاڵی هەیە.

٦. بەهێزکردنی حوکمڕانی باش و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و ناکارایی کارگێڕی لە ڕێگەی جێبەجێکردنی میکانیزمی چاودێری توند و لێپرسینەوەو فراوانکردنی حکومەتی دیجیتاڵی و بەرزکردنەوەی شەفافیەتی دامەزراوەیی .

٧. قووڵکردنەوەی هاوکاری ئابووری هەرێمی و نێودەوڵەتی، کە پێویستە عێراق پەیوەندییە دیپلۆماسی و ئابوورییەکانی لەگەڵ تورکیا، دەوڵەتانی کەنداو و ناوچەکە پەرەپێبدات بەمەبەستی بەدەستهێنای پاڵپشتی دەرەکی.

٨. پێویستە ڕێگای گەشەپێدان لەناو ستراتیژییەکی نیشتمانی فراوانتردا جێگیر بکرێت، کە ئامانج لێی دووپاتکردنەوەی ڕۆڵی عێراق وەک دەوڵەتێکی ترانزێتی سەرەکی لە نێوان ئاسیا و ئەوروپادا بێت. بەستنەوەی پڕۆژەکە بە دەستپێشخەرییە ناوچەییە تەواوکەرەکانەوە، کاریگەرییە جیۆپۆلەتیکی و ئابوورییەکانی زۆرترین دەکات.

## سەرچاوەکان


١. وزارة الخارجية العراقية. ( ٢٠٠٤ ). مؤتمر طريق التنمية. استرجع من HTTPS://MOFA.GOV.IQ

٢. سبەی. (٢٠٢٤). بەندەری فاو؛ دەروازەی سەرەکیی ڕێگای گەشە و گەشەکردنی عێراق کرایەوە. وەرگیراوە لە HTTPS://WWW.SBEY.NET/NEWS/9D6E53B4-A2EC-419C-B5F1-E36A0DC137C3

٣. الهاشمي، ز. (٢٠٢٤). الاقتصاد العراقي.. رحلة التعافي في زمن التحديات. ئەلجەزیرە. وەرگیراوە لە HTTPS://WWW.ALJAZEERA.NET/EBUSINESS/2024/5/27

٤. العبيدي، م. (٢٠٢٥). قراءة في "قرارات مالية" وسّعت العجز وأضعفت مؤشرات الاقتصاد العراقي. بغداد توداي. استرجع من HTTPS://BAGHDADTODAY.NEWS/280495-.HTML

٥. موقع الساعة. (٢٠٢٥). كم عدد الموظفين والمتقاعدين والرعاية في العراق؟ استرجع من كم عدد الموظفين والمتقاعدين والرعاية في العراق؟

٦. الجهاز المركزي للإحصاء (وزارة التخطيط). (٢٠٢٤). النتائج الاولية للتعداد العام للسكان لسنة ٢٠٢٤. استرجع من HTTPS://COSIT.GOV.IQ/AR/2020-12-28-07-22-189

٧. بخيت، ح. ن. (٢٠٢٣). طريق التنمية العراقي فرص تنموية واعدة وتحديات كبيرة. مركز البيان للدراسات والتخطيط.

٨. شفق نيوز. (٢٠٢٥). العراق ضمن أبرز الشركاء التجاريين للصين بحجم تبادل تجاوز 54 مليار دولار. استرجع من HTTPS://SHAFAQ.COM

٩. جريدة الشرق الأوسط. (٢٠٢٣). الصين تحسم الجدل العراقي حول طريقي «الحرير» و«التنمية».

١٠. ياسين، ف. ع. ل. (٢٠٢٤). مشروع طريق التنمية العراقي: مشروعية الطموح و محددات المنافسة الجيوسياسية الإقليمية والدولية. مجلة السياسة الدولية، (٦٠)، ٥٢١-٥٢٢.

١١. باڵیۆزی ڕووسیای فیدراڵ لەعێراق سەردانی دامەزراوەی ڤیژن دەکات. (٢٠٢٥). دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی. وەرگیراوە لە HTTPS://VISIONFOUNDATIONIQ.ORG/

١٢. الحكومة العراقية توضح أسباب عدم مرور طريق التنمية بإقليم كوردستان. (٢٠٢٣). شفق نيوز. تم الاسترداد من HTTPS://SHAFAQ.COM/AR

١٣. حکوومەتی هەرێم لەهەوڵدایە پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدان بە دەشتی نەینەوا و ڕۆژهەڵاتی دیجلەدا تێپەڕێت. (٢٠٢٥). ڕۆژنامەی هەولێر. وەرگیراوە لە HTTPS://HAWLERWEB.NET/KURDISTAN/2025/08/117849/

١٤. پڕۆژەی هێڵی شەمەندەفەری هەرێمی کوردستان لە قۆناخی دیراسەت کردن دایە. (٢٠٢٢). حکومەتی هەرێمی کوردستان. وەرگیراوە لە HTTPS://GOV.KRD/

١٥. أوكودوسو، إ. (٢٠٢٣). هل تتحقق طموحات كردستان العراق ببناء خط سكك حديدية؟. أمواج ميديا. تم الاسترداد من HTTPS://AMWAJ.MEDIA/AR/ARTICLE/WILL-IRAQI-KURDISTAN-S-RAIL-AMBITIONS-LEAD-ANYWHERE

١٦. TRANSPARENCY INTERNATIONAL. (2024). IRAQ. RETRIEVED FROM HTTPS://WWW.TRANSPARENCY.ORG/EN/COUNTRIES/IRAQ

١٧. مؤتمر "طريق التنمية" يفشل في تحقيق هدفه وتساؤلات يطرحها مختصون. (٢٠٢٣). العالم الجديد. تم الاسترداد في ٢ تشرين الثاني/نوفمبر ٢٠٢٣، من HTTPS://RB.GY/PHITHR

١٨. TÜRKIYE, IRAQ SIGN 26 AGREEMENTS. (2024). ANADOLU AGENCY. RETRIEVED FROM TÜRKIYE, IRAQ SIGN 26 AGREEMENTS

١٩. ÖZTÜRK, B. (2024). DEVELOPMENT ROAD PROJECT: TRANSFORMING TÜRKIYE-IRAQ RELATIONS (CESPI POLICY BRIEF NO. 61). CESPI. HTTPS://WWW.CESPI.IT/SITES/DEFAULT/FILES/OSSERVATORI/ALLEGATI/BRIEF_61_TURKYIE-IRAQ_OZTURK.PDF

٢٠. ساڵح، ز. ح. م. (٢٠٢٤). پرۆژەی ڕێگەی گەشەپێدان لە نێوان تورکیا و عێراقدا؛ لێکەوتەکانی لە سەر هەرێمی کوردستان. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی. وەرگیراوە لە HTTPS://WWW.CENTERFS.ORG/TURKEY-IRAQ-DEVELOPMENT-ROAD-PROJECT-CONSEQUENCES-ON-THE-KURDISTAN-REGION/

٢١. العراق يتفق مع تركيا على زيادة حجم التبادل التجاري إلى ٣٠ مليار دولار. (٢٠٢٥). العربية. تم الاسترداد من HTTPS://WWW.ALARABIYA.NET/ASWAQ/ECONOMY/2025

٢٢. البنك الدولي يوافق على مشروع بقيمة ٩٣٠ مليون دولار في العراق. (٢٠٢٥). سكاي نيوز عربية. تم الاسترداد من HTTPS://WWW.SKYNEWSARABIA.COM

٢٣. HASAN, H. (2024). THE DEVELOPMENT ROAD: BETWEEN THE PERSIAN GULF AND TURKEY. PLURALIA. RETRIEVED FROM HTTPS://PLURALIA.COM/EN/A/THE-DEVELOPMENT-ROAD-BETWEEN-THE-PERSIAN-GULF-AND-TURKEY

٢٤. THE DEVELOPMENT ROAD PROJECT. (2024). THE “DEVELOPMENT ROAD” PROJECT MONTHLY PROGRESS PRESENTATION. PRIME MINISTER OFFICE, REPUBLIC OF IRAQ.

٢٥. HASAN, H. (2024). IRAQ'S DEVELOPMENT ROAD: GEOPOLITICS, RENTIERISM, AND BORDER CONNECTIVITY (CARNEGIE ENDOWMENT FOR INTERNATIONAL PEACE).

٢٦. IRAQ'S 'DEVELOPMENT ROAD' AMID GLOBAL TRADE PROJECTS. (2024). THE NEW REGION. RETRIEVED FROM HTTPS://THENEWREGION.COM/POSTS/458/IRAQ-S-DEVELOPMENT-ROAD-AMID-GLOBAL-TRADE-PROJECTS

٢٧. وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان. (٢٠٢٥).

## دەربارەی ئێمە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/١ لەلایەن کۆمەڵێک لە دەستەبژێری ئەکادیمی، ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیران دامەزراوە. ئەم دامەزراوەیە وەک خانەیەکی هزری بونیادنەر، لەپێناو تێگەشتنی هاوبەشدا کار دەکات، بە ئامانجی دروستکردنی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دروستکردنی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان.

## دیدگا

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوی زانیارییە و پردێکە لە نێوان توێژەران، ئەکادیمییان، سیاسەتمەداران، کۆمەڵگەی مەدەنی، هاوڵاتیان و ناوەندەکانی بڕیار بە مەبەستی بونیادنانی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق.

## پەیام

- بەهێزکردنی کلتووری بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە بڕیارداندا بە مەبەستی کارکردن بۆ حوکمڕانییەکی دروست.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی، یاسایی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها داڕشتنی پلانی ستراتیجی بە مەبەستی بەشداریکردن لە گەشەپێدانی وڵاتدا.
- ئەنجامدانی گفتوگۆی بونیادنەر و بەرهەمدار بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی کۆمەڵگا.
- لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری، هەروەها پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بوارە ژینگەییەکان و گۆڕانی ئاو و هەوا.

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی (VFSS)

هەرێمی کوردستان - عێراق، سلێمانی
WWW.VISIONFOUNDATIONIQ.ORG

پەیوەندیکردن:

بۆ پرسیارکردن دەربارەی دەرفەتەکانی هاوکاری، داوای زانیاری زیاتر،
یان گفتوگۆکردن لەسەر هەر پڕۆژەیەک ، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکەن:

INFO@VFSSIQ.ORG

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq